


# پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی کوردستان لە خەڵکی شاری مەهاباد




دوای شەهید کرانی لاوێك لە شاری مەهاباد بە ناویی "کەماڵ ئەسفەرام" ناسراو بە "شوانەی سەید قادر" لە لایەن جەللادانی کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد بۆ ناساندن و بەسزا گەیاندنی بکوژانی کاك شوانە، بۆ ماوەی زیاتر لە هەشت رۆژ دەستیان دایە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین و لاپەڕەیەکی زێڕین و شوڕشگێڕانەیان لە خەباتی خۆیان بە دژی کۆماری ئیسلامی تۆمار کرد و بوونە پێشەنگی سەرهەڵدانی خەباتێکی نوێ. بۆ پشتیوانی لە خەڵکی خەباتکار و ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی شاری مەهاباد، خەڵکی شارەکانی کوردستان بە خۆپیشاندان جینایەتەکانی رژیمیان لە شاری مەهاباد مەحکووم کرد. هەربەم مەبەستە خەڵکی تێکۆشەری شاری پیرانشار لە رۆژەکانی ٢٦ و ٢٧ی پووشپەڕ رژانە سەر شەقامەکان و دەستیان دایە خۆپیشاندان و هاوپشتیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی قارەمانی مەهاباد دەربڕی. لە درێژەی ئەم خۆپیشاندانە دا رۆژی دووشەممە رژیم هێزێکی زۆری بە مەبەستی دامرکاندنەوەی تەوژمی جەماوەری لەو شارە رژاندە سەر شەقامەکان کە بووە هۆی تێکهەڵچوونێك لە نێوان هێزە داگیرکەرەکانی رژیم و خەڵکی تێکۆشەری ئەو شارە. ئەم تێکهەڵچوونە هەتا سەعات ١١ی شەو درێژەی هەبوو. شایانی باسە کە خۆپیشاندەران بە دار و بەرد بەرەنگاری هێرشی هێزەکانی رژیم دەبوونەوە. دیسانەوە هەر بۆ ئەم مەبەستە، سەعات ٦ی دوانیوەڕۆی رۆژی ٣٠ی پووشپەڕ کۆمەڵێك لە لاوان و خەڵکی تێکۆشەری شاری مەریوان لە سەر شەقامە سەرەکییەکانی ئەو شارە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد دەستیان دایە کۆبوونەوەیەکی ئیعترازیی و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و تەقاندنەوەی نارنجۆکی سەوتی و دروشم دان بە دژی رژیم بۆ پشتیوانی لە خەڵکی مەهاباد، ناڕەزایەتی خۆیانیان بەرامبەر بەم کردەوە چەپەڵەی رژیم لە شاری مەهاباد نیشان دا.

هاوکات لەگەڵ پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە لە شارەکانی بانە، سەقز، مەهاباد، سەردەشت، پیرانشار، مەریوان و... بۆ پشتیوانیی لە خەڵکی مەهاباد و مەحکووم کردنی جینایەتەکانی رژیم لەو شارە بە شێوەیەکی بەربلاو، بلاو کرایەوە.
هاوڕێ لەگەڵ خەڵکی شارەکانی کوردستان، کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی ولات لە ولاتانی، نۆرویژ، فنلاند، سویس و سوید بە رێپێوان و کۆبوونەوە لە بەردەم وەزارەتی دەرەوە و پەرلەمان و باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لەو ولاتانە، دەنگی مافخوازانەی خەڵکی قارەمانی مەهابادیان بە گوێی هەموو جیهان گەیاند.

## • ئەزیەت و ئازاری دەستفرۆشان لە شاری کرماشان

بە پێی هەواڵێك کە هاوڕێیانمان لە شاری کرماشانەوە بۆیان بەرێ کردووین، رۆژی دووشەممە ٢٧ی پووشپەڕ بە کرێگیراوانی رژیم لە شاری کرماشان، لە دەور و بەری مەیدانی ئازادی و بەردەم گاراج، دەستیان کرد بە ئەزیەت و ئازاردانی دەستفرۆشان و خەڵکی کاسبکار. ئەم کارەی رژیم و دەست و پێوەندەکانی لەو شارە بووە هۆی رق و تووڕەیی خەڵك و لە ئاکامدا خەڵك بەرەنگاریان بوونەوە و شووشەی ماشینێکی بە کرێگیراوانیان شکاند و بە کرێگیراوێکی رژێمیشیان دایە بەر لێدان و کوتەك کارییان کرد.

## •کوژرانی کاسبکارێکی زەحمەتکێش
## لە سەر سنوور

رۆژی ٢٧ی پووشپەڕ، هێزە بە کرێگیراوەکانی رژیم لە سەر سنووری مەریوان تەقەیان لە کاسبکارێکی زەحمەتکێش کردووە کە بە داخەوە لە ئاکامی ئەم تەقە لێکردنە، ئەم کاسبکارە زەحمەتکێشە گیانی لە دەست داوە. ئەم کاسبکارە ناوی حەسەن ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیم و خەڵکی ئاوایی کەڵکیئاوا بووە. ناوبراو بە هۆی نەبوونی کار و هەژاری و نەداری و بۆ دابین کردنی ژیانی مەمرە و مەژی خۆیی و ژن و منداڵەکانی بە ناچاری رووی کردبووە کاری کۆڵبەری.

## • راگەیاندنی لاوانی کۆمەڵە لە شارەکانی سنە و مەهاباد

هەردوابەدوای کوشتنی کاک "کەماڵ ئەسفەرام" خەڵکی مەهاباد ناسراو بە "شوانەی سەید قادر" و ناڕەزایەتیی و ئیعترازی خەڵکی ئەم شارە بەدژی ئەم کردەوە جینایەتکارانەیە وهەروەها پشتیوانی کردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان لە ئاخێزی جەماوەری مەهاباد، رێکخراوی لاوانی کۆمەڵە لەشارەکانی سنە و دەوروبەری و هەروەها مەهاباد و دەوروبەری، هاوپشتیی خۆیان لە بزووتنەوەی خەڵکی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕی شاری مەهاباد دەربڕیوە و خوازیاری ئازاد کردنی گیراوەکان و هەروەها داد گاییکردنی بکوژانی "کاك شوانە" بوون .

## • مەرگی دایکی هاوڕێی خۆشەویست "تاهیر رەحیمی"

بە پێی هەواڵێك کە لە شاری سەقزەوە بە دەستمان گەیشتووە، بە داخەوە رۆژی ٣٠ی پووشپەڕ دایە "ئامین محەمەد پوور" دایکی هاوڕێ تاهیر رەحیمی، بە هۆی نەخۆشی دڵ و دیالیزەوە لە نەخۆشخانەی شاری سەقز ماڵئاوایی لە ژیان کردوە.

ئێمە بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی هاوڕێ تاهیر و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەم پەژارەیان دەزانین.

- **بۆ چەندەمین جار تیمی یارمەتی گەیاندنی کۆمەڵە، سەردانی ئاوارەکانی کرد**



دوای رووخانی رژیمی بەعس، ئاوارە ئێرانییەکانی نیشتەجێ لە ئۆردووگای رۆمادیە، تووشی چارەنووسی جیاجیا هاتن و روویان کردە شوێنە جیاوازەکان. بەشێکیان توانیان سنووری عێراق ببەزێنن و خۆیان بگەیەننە ئۆردۆن و بەشێکیان لە سەر سنووری عێراق– ئۆردۆن گیریان خوارد، بەشێکی‌تر لەمانە روویان کردە شارەکانی کوردستانی باشوور و لە دەور وبەری خانەقین و شوێنەکانی‌تر نیشتەجێ بوون و تەنانەت بەشێکیان بە ناچاری گەڕانەوە بۆ ئێران. ئەم خەڵکە بێ پەنا و ئاوارە لە ئاکامی ئەم دووبارە ئاوارە بوونەدا تووشی ژیانێکی بە چەند قات سەخڵەت تر لە جاران هاتن و ژیانیان لەوە تاڵتر بوو. بۆ یارمەتی گەیاندن و فریاکەوتنی ئەم ئاوارانە، کۆمەڵە و تیمی پزیشکی کۆمەڵە لە چەند سەردانی جۆرا و جۆردا سەردانی بەشێك لەم ئاوارانەیان کرد و یارمەتییە ئینسانییەکانی خۆیان گەیاندە ئەو ئاوارانە. هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی ئاوارەکانی ئۆردووگای "شێرەوەن"یان کرد. ئۆردووگای شێرەون نزیك بە ٥٠ بنەماڵەی تێدا نیشتەجێ بوون کە زۆربەیان خەڵکی کرماشانن. هەر لە درێژەی ئەم سەردانانەدا، تیمی پزیشکی کۆمەڵە، سێ‌جار سەردانی ئاوارەکانی ئۆردووگای بانەبۆریان کرد. لەم ئۆردووگایە نزیك بە ٢٥٠ بنەماڵە نیشتەجێ بوون. پێشتر ئەم خەڵکە لە هەل و مەرجێکی زۆر دژواردا و لە ناو خێمە و بێ ئاو و بەرق و ئیمکاناتی پاك و خاوێنی و لەو پەڕی بێ ئیمکاناتیدا ژیانیان بە سەر دەبرد. تیمی پزیشکی کۆمەڵە بە مەبەستی یارمەتی گەیاندن ، دەرمان و پێداویستی پاك و خاوێنی بۆ ژنان و پەردە کولە و ماددەی (ضد عفونی) بە رادەی پێویست بۆ هەمووان گەیاندە ئەم ئاوارانە و نەخۆشییەکانی بۆ چارەسەر کردوون.

شایانی باسە کە ئاوارەکانی بانەبۆر ئێستا هاتوون و لە باریکە لە نزیك شارۆچکەی عەربەت نیشتەجێ بوون و لە چاو پێشووتر تارادەیەك گوزەرانیان باش بووە. لەو کاتەوە کە هاتوونەتە باریکە، تیمی پزیشکی کۆمەڵە سێ‌جار سەردانیانی کردووە و یارمەتییەکانی خۆی گەیاندووە بەوان. بە مەبەستی یارمەتی زیاتری ئەم خەڵکە ئاوارە، نەخۆشخانەی کۆمەڵە هەتا دابین کردنی نەخۆشخانە لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە، هەر حە وتوو جارێك سەردانی ئەو ئاوارانە دەکات و یارمەتییە پزیشکییەکانی خۆی دەگەیێنێت بەوان.

## • بەڕێوەچوونی ئاهەنگی "٣١ی جۆزەردان" لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە



ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بارەگای ناوەندیی کۆمەڵە ئاهەنگێکی شکۆدار بە بەشداری ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و کۆمەڵێکی زۆر لە دۆستان و لایەنگرانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستانی عێراق بەڕێوە چوو.

ئاهەنگەکە بە پێشکەشکاری هاوڕێ فەریبا محەمەدی سەرەتا بە سروودی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەستی پێکرد و دواتر بۆ ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەری سەرجەم گیانبەختکردووانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد بەشدار بووان دەقیقەیەك لە سەرپێ بە بێدەنگی وەستان. بێدەنگییەکە بە سردوودێکی شۆڕشگێڕانە شکێنرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا هاوڕێ نەجمەدینی گوڵپەروەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە کە تێیدا پێگە و ڕۆڵی پێشمەرگەی کۆمەڵەی لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە سەردەمانی ڕابوردوودا و هەروەها ڕۆڵی ئەم هێزەی وەك هێزێکی تۆکمە و کارامە، و کاریگەر، ئامانجخواز و لە هێندێك بوار و دۆخدا بڕیاردەر لێکدارابۆوە. لە ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی‌دا کە هاوڕێ نەجمە ڕوو بە بەشدار بووان دەیخوێندەوە وێڕای ڕێزلێنان لە گشت گیانبازی، فیداکاری، لەخۆبوردووییانەی کە لەو ساڵانەی ڕابوردوودا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە خۆی نواندویەتی، جەخت لە سەر پێویستی بەهێزتر بوونی هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی ئێستا و داهاتوودا کرابۆوە.

بە دوای کۆتایی هاتنی وتارەکەی هاوڕێ نەجمە هاوڕێیانی دەنگ خۆشی ناوریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و بە هاوکاری کۆڕی "بانگەواز" بە خوێندنی سروود و گۆرانی و شیعر ئاهەنگەکەیان ڕازاندەوە. چەندێك لەو هاوڕێیانە بریتی بوون لە: بێهرووز مەلکشا، نیزام زەکەریایی، ساڵح موبتەدی، هێرش محەمەدی و شۆڕش خوراسانە.

بە کۆتایی هاتنی بەشی یەکەمی ئاهەنگەکە بەشداربووان بۆ پێشوازی لە کۆڕی شیعری شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا "شێرکۆ بێکەس" کە لە ساڵۆنی محەممەدی هەورازدا گیرا بە پۆل چوون بۆ ئەو ساڵۆنە.

# کۆڕێك بۆ هاوڕێ "فەریبا محەمەدی" لە ژێر ناوی "ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵدا"





سەعاتی پێنج و نیوی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٥/٦/١٩ لە لایەن مەڵبەندی ڕاهێنان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ژنان لە شاری هەڵەبجەی شەهیدەوە، کۆڕێکی سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان لە کۆمەڵەدا، بۆ هاوڕێ "فەریبا محەمەدی" بەرپرسی هێزی ژنانی کۆمەڵە و یەکێك لە ژنانی هەڵسووڕاوی بواری ژنان لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا ساز کرد. لەو کۆڕەدا سەرەتا هاوڕێ فەریبا تیشکی خستە سەر هەل و مەرجی ژیانی ژنان لە ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی. دواتر باسی لە ڕۆڵی ژن لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە کرد و لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە پێشینەی گرنگی و بایەخ پێدان بە ژنان لە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە کرد و وتی: ئەوە شانازییەکی مێژووییە بۆ کۆمەڵە کە وەکوو یەکەم حیزب لە کوردستان بۆ یەکەم جار ژنانی هێنایە ناو ڕیزی خەباتی چەکداری. ئەو هەروەها وتی: لە شەوەزەنگی دنیای دژە ژنی کۆمەڵگا و لەو سەردەمەدا کە فەرهەنگی دواکەوتوو و کۆنەپەرەستانەی پیاوەمزنی تان و پۆی کۆمەڵگای تەنی بوو، کۆمەڵە ژنانی ڕێکخست و باری هێنان و بە کردەوە هێنایانییە ڕیزی خەباتی چەکدارییەوە. بوونی ژنی پێشمەرگە و پێشمەرگەی ژن، سیمای خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستانی گۆڕی و پاڵی پێوە نا بەرەو ئاراستەیەکی پێشکەوتنخوازانە و عەداڵەتخوازانە... .

لە درێژەی کۆڕەکەدا لە لایەن بەشدار بووانەوە کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی هاوڕێ فەریبا کرا و ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

شایانی باسە کە لەم سەفەرە بۆ هەڵەبجەی شەهید، کۆمەڵێك لە هاوڕێیانی پێشمەرگەی ژنیش بەشداری ئەم کۆڕەیان کردو، بە ڕوونکردنەوەکانی خۆیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.